# مەڵبەندی یەكێتی داوای لیستی ناوی فەرمانبەرانی شارەكە دەكات داوا لە فەرمانبەرانی چەمچەماڵ دەكرێت ئینتیمای حزبی خۆیان ئاشكرا بكەن چەمچەماڵ ...ئاكۆ محەمەد شوانی

بەڕێوەبەری هەندێك لە فەرمانگە حكومییەكانی چەمچەماڵ داوا لە فەرمانبەرەكانیان دەكەن ئینتیمای حزبی خۆیان ئاشكرا بكەن و روونی بكەنەوە كە ئەندام و هەواداری چ لایەنێكی سیاسین.

مەڵبەندی رێكخستنی چەمچەماڵی یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەفتەی رابردوو بە نووسراوێكی رەسمی داوای لە هەموو فەرمانگەكانی قەزای چەمچەماڵ كردووە لیستی ناوی فەرمانبەرەكانیان بنێرن بۆ مەڵبەند.

فەرمانبەرێكی فەرمانگەی كشتوكاڵی چەمچەماڵ بە ئاسۆی راگەیاند كە بەڕێوەبەری فەرمانگەكەیان پێی راگەیاندووە كە دەبێت هەموو فەرمانبەرەكان پێی بڵێن كە سەر بە چ حزبێكن. لە وەڵامی ئەوانەش كە وتوویانە بێلایەنین بەڕێوەبەر وتوویەتی كەس نییە سەر بە حزبێك نەبێت". ئەو فەرمانبەرە كە نەیویست ناوەكەی بڵاوبكرێتەوە رەخنەی لەو داواكارییە گرت و بە پێشێلكردنی ئازادییە كەسییەكانی لە قەڵەمدا.

2005 / 11 / 20